# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بیرمەند و فەیلەسوفی گەورەی عەرەب (سادق ئەلئەعزەم)

سازدانی: تۆماس گوول
و. لە ئەڵمانییەوە: هیوا ناسیح

**بیرمەند و فەیلەسوفی بە ناوبانگ و پێشکەوتوخوازی چەپی سوری (سادق ئەلئەعزەم)، زۆر جار بە بیروڕاکانی حکومەتی سوری تورە کردوە. لەم چاوپێکەوتنەدا بیروبۆچوونی خۆی لە سەر کێشە گەرم و هەنوکەییەکانی جیهانی ئیسلامی دەخاتە ڕوو. ئەم چاوپێکەوتنە لە گۆڤاری ((UNIMAGAZIN)، کە گۆڤارێکی وەرزییە، زانکۆی زویریخ لە سویسرا دەریدەکات)ی مانگی مەی 2007 دا بلاوکراوەتەوە. (وەرگێڕ)**



پ: بەڕێز سادق ئەلئەعزەم ئێوە لە سوریە دەژین، کە وڵاتێکە ئۆپۆزیسیۆنە سیاسییەکانی خۆی دەچەوسێنێتەوە و ڕاوەدوویان دەنێت، تۆش یەکێکی لە یەکەم واژۆکەرانی (جاڕنامەی هەزارە)، ئەو مانیفێستەی، کە ساڵی ٢٠٠١ داوای هەڵبژاردنێکی دیموکراسیانە، دەوڵەتی یاسا و جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکان لەیەکتری ـ تان لە سوریادا دەکرد. ئایا بەڕێزتان کەوتونەتە ژێر فشارەوە یان ڕاوەدوونراویت، کاتێ بیرو باوەڕی خۆتان بە ئازادانە دەردەبڕن؟

و: من لە دیمەشق و بەیروت دەژیم. گەر دیمەشق بۆم نائارم بێت، دەچم بۆ بەیروت. (بانگەوازی هەزارە) ش تەنها کارنامە (مانیفێست) ێک بوو، کە لەگەڵ چەندانی تردا، هەندێ داواکاری سیاسیمان لە ڕژێمی سوریا کرد. لە ساڵی ١٩٩٩ دا و لە سەروەختی (بەهاری دیمەشق) و لەگەڵ (پەیماننامەی ١٩٩٩) دا دەستی پێکرد، کە سەرەتای بزوتنەوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنی لە سوریادا بەرجەستەکرد. دواترینیان جاڕنامەی بەیروت ـ دیمەشق بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٩٦ دا. ئەوە بوو ڕژێم بەو جاڕنامەیە، لە بەر هۆی جۆراجۆر، زۆر ناڕەحەت و بێزار بوو. لە لایەکەوە چونکە ئێمە لەوێدا داواکارییەکانی لبنانمان، بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندی هەردوو وڵات، خستبووە ڕوو، لە لایەکی ترەوە، ڕژێم بەوە زۆر ناڕەحەت و تورە دەبێت، کاتێک کەسانی ڕۆشەنفکر و چالاکی سوری لە دەرەوەی سوریا پێکەوە کار بکەن.

پ: ئەی پاش بلاوکردنەوەی کارنامەکەتان چی ڕویدا؟

و: لای کەمی ١٤ لەو ٣٠٠ کەسانەی واژۆیان کردبوو دەسگیرکران. من وەک مامۆستای زانکۆ ئەو کات لە (پرینسیتون) بووم. ناشزانم گەر من ئەو سەروەختە لەسوریا بوومایە، چی ڕویدەدا. زۆربەی دەسگیرکراوان دواتر ئازاد کران. بەڵام لای کەمی دووانیان ئێستاش وان لە زینداندا و پرۆسەی دادگاییکردنەکەیان بەردەوامە.

پ: ئایا بانگەوازەکانتان هیچ کاریگەرییەکی لە سەر رەفتاری رژێم هەبوو؟

و: ئەو جۆرە بانگەوازە ئاشکرایانە هەمیشە گرنگن. بەتایبەتی کاتێک مرۆڤ لە کات وساتی خۆیدا ئەنجامی بدات. کاریگەرییەکەی دەشێ لەو دۆخە هیستیرییەی رژێمی سوریاوە دیاری بدات. هەرچەندە دەربڕینی بیروڕاکانمان زۆر هێمنانە و میانڕەوانەش بوو.

پ: بەڕێزتان تەمەنێکی درێژە خۆتان بە کێشە و گرفتەکانی جیهانی ئیسلامییەوە سەرقاڵ کردوە، رەوشەکە لە ئێستادا بە بنبەست گەیشتنێکی پێوە دەبینرێت: دۆخەکە لە زۆربەی وڵاتەکاندا شەقڵی سست بوونی سیاسی و ئابوری و ململانێی نێوان رژێمە سەرکوتکەرەکان و بە زۆریش نەیارە فەندەمەنتالیستەکانەوە، پێوە دیارە، ئایا بەڕێزتان هیچ رێگایەک بۆ دەرچوون لەم بنبەستە دەبینن؟


و: ئەگەر بەڕێزتان مەبەستتان لە فەندەمەنتالیست، باندە چەکدارە بچوکەکان بێت، کە دروشمیان ( ئیسلام تاکە چارەسەرە) و یان (دەبێت شەریعەت جارێکی تر حوکمی پێ بکرێت) و ...هتد، ئەوانە ئۆپۆزسیۆنی گرنگ نین. ئەو ئیسلامییە جیهادییانە خاوەن هیچ بەرنامەیەکی سیاسی جدی نین، کە بتوانرێت گفتوگۆی لە سەر بکرێت. ئەوان سیاسەتی کۆمەڵگا و تەقلیدییان ئاوەژو کردۆتەوە. تەنها ستراتیژێک، کە ئەوانی هێشتۆتەوە، هێرشی راستەوخۆیانە بۆ سەر دوژمنە سیاسییەکانیان، بەو شێوە توندڕەوییەی کە بۆیان دەگونجێت.
ئەم جیهادییانە سەرکوتدەکرێن و ڕاوەدوو دەنرێن و خەباتیان لە جەزایر، میسر و سوریا شکستی خواردوە. بەڵام جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی تر هەن وەک برایانی موسوڵمان (ئیخوان موسلمین)، کەوا بەرنامەی سیاسییان هەبێت. هاوپەیمانێتی دەبەستن و لە هەوڵدان، فشاری سیاسی بۆ سەر رژێم بهێنن. واتە، بە شێوازێکی ئاشتییانە هەوڵدەدەن. بەمەش ناکرێت یەکسەر سەرکەوتن بە دەست بهێنن، بەڵام ئەمەیان باشترین ڕێگایەکە بۆیان، کە هەندێک شت بە دەست بهێنن وەک لەوەی جیهادییەکان.

پ: ئایا لەم وڵاتانەدا هێزی سیاسی تر هەن، کە سەرکێشی لەگەڵ رژێمەکاندا بکەن و لە کاتی پێویستدا حکومەت پێک بهێنن؟

و: گەورەترین هێز پارتە سیاسیە تەقلیدییەکان نین، بەڵکو لە سوریادا ژورە بازرگانییەکان و پیاوانی بازرگان و (رجال أعمال)ن. ئەمانە سەرکردەی بچوکن لە یەکێتییەکی سیاسی ـ سوپایی دا، کە وڵات بەڕێوە دەبات. پەیوەندی هێز لە نێوان سوپا و بازرگانە بە نفوز و گریگەرەکاندا بە بەردەوامی دەگۆڕێت. من باوەڕم وایە، کە پیاوانی گەورە بازرگانانی چینی ناوەڕاست ئەو گروپە دەبن، باشترین چانسیان هەیە، کە لە داهاتودا نەک هەر فشار بۆ حکومەت بهێنن، بەڵکو بەشداری لە دەستەڵاتیشدا بکەن.

پ: لە توێژینەوەکەتاندا (ئیسلام و بزوتنەوەی مرۆڤایەتی عەلمانی) خوازیاریت، کە بۆ گەشەسەندن تورکیا بۆ وڵاتە ئیسلامییەکانی تر وەک نمونە و پێشەنگ بێت. بۆچی؟

و: تورکیا بە کاتێکی کەم بووەتە نمونەیەکی چاولێکردن بۆ وڵاتەکانی تری جیهانی عەرەبی. ئەمە هەمیشە وا نەبووە: لە نێوان سوریا و تورکیادا کینە و بوغزێکی لەکۆنەوە بۆماو لە میانی عەرەب و تورکدا کەڵەکە بووە. لە کاتی جەنگی سارددا تورکیا لە سوریادا ناحەز بوو، چونکە ئەو سەر بە ناتۆ بوو، دژ بە یەکێتی سۆڤیەت بوو، پەیوەندی لەگەڵ



ئیسرائیل هەبوو وە بەشداریشی لە جولانەوەی جیهانی سێیەم نەدەکرد. ئەمڕۆ چەپەکانی سوریا بەرگری لە هەندێ بەهای وەکو عەلمانییەت، مافی مرۆڤ، ئازادیە میللییەکان، ڕۆژنامەگەرییەکی ئازاد، ئازادی بیروبۆچوون و هتد دەکەن. ئەوان دەڕوانن، تەنها وڵاتێک کە ئەم شتانەی لە نێو کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا، با بڵێین تا لە سەدا حەفتای پەیڕەو کردوە، تورکیایە.

لای ئیسلامییەکانی سوریا ئەمە ئامادەیی هەیە، کە ئەتاتورک خەلافەتی روخاند و وڵاتی بە عەلمانی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا ئیسلامییەکانیش بیروڕایان گۆڕیت، چونکە ئەوان بینییان، کە ئیسلامی سیاسی لە تورکیادا بووە بە هێزێکی سیاسی، کە توانی دەستەڵات بگرێتە دەست، بێ ئەوەی وڵات بەرەو ئاژاوە و فەوزا بەرێت. رابەری ئیخوان موسلمین لە سوریادا هەوڵدەدات، کە ڕێکخراوەکەی چاو لە نمونەی تورکیا بکات. بەرنامەی نوێ، کە ئەمان گەشەیان پێداوە، ئیتر باس لە حوکم کردنەوەی شەریعەت و گەڕانەوەی خەلافەت ناکات. لەبری ئەمانە داوای هەڵبژاردنی ئازاد، دیموکراتی، دەربڕینی ئازادانەی بیروبڕوا، ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و هتد. دەکەن. ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت، کە من بڕوا بەوان دەکەم، بەڵام ئەمە گەشەسەندنێکی سیاسی گرنگە. بە بێ نمونەی بەرچاوی (تورکیا) ئەگەری شتێکی وا نەدەبوو. بۆیە زۆر گرنگە، کە یەکێتی ئەوروپا یارمەتی تورکیا بدات، کە ئەم پرۆسەیە بەرەو پێش بچێت وە ئەم ئەزمونە بە ئەنجامێکی سەرکەوتوانە بگات. گەر تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئیتر پێشگیری لە سوپا دەکرێت، کە لە تورکیادا خۆی تێکەڵاوی کاروباری دەوڵەت بکات. هەمان کاتیش گەرەنتی ئەوە دەکات، کە پارتە ئیسلامییەکان بەرەو توندڕەوی ئاینی مل نەنێن. ئێمە پێویستمان بە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی کە بە سیستەمێکی دیموکراتیانە پیادەکرابێت، وەک نمونە و پێشەنگ هەیە. تورکیا تەنها نمونەی حکومەتی ئیسلامییە بەرامبەر بە دژەنمونەی ئیسلامی تاڵیبان.

پ: یەکێک لە بەربەستەکانی سەر ڕێگای کرانەوەی وڵاتە ئیسلامییەکان و کۆمەڵگایەکی دیموکراتی (ئاین)ە. ئایا بەڕێزتان وای دەبینن، کە ئیسلام لەگەڵ چەمکە عەلمانییەکانی وەک یەکسانی، دیموکراتی، مافی مرۆڤ وە دەستور و یاسا، بتوانن پێکبێتەوە؟

و: من جیاوازی دەکەم لە نێوان ئیسلامی مێژوویی (تەقلیدی) و ئیسلامی دۆگماتی (چەقبەستوو). ئیسلامی تەقلیدی - ئەزمونگەریی خۆی لەگەڵ هەلومەرجە نوێیەکاندا ڕادەهێنێت. لە سەرەتای هەشتاکانەوە بنەمایەک لە سوریا دروست بووە. تاڕادەیەک ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و برێک لە دیموکراتییەت، کە حکومەت دەبێ بۆ کردارەکانی پەیڕەوی بکات و تا دوایی... بەڵام مرۆڤ ناشتوانێت چاوەڕوانی زۆرتر لەوە بکات. کە ئیسلامە دۆگمایییەکان بەرەو ئەم گەشەسەندنە بادەنەوە. لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە ئیسلامییە دۆگماییەکان بە توندڕەویی و فەندەمەنتالی وەک بەرنامەیەک بۆ ئایندە، شەقڵیان گرتوە. هەڵبەتە لێرەدا بەریەککەوتنێک لە نێوان ئەم ڕوانگەیە و ئیسلامی تەقلیدی روودەدات، کە پیادە کراوە. هەمیشە و بەردەوامیش هەوڵدان هەیە، بۆ ئەوەی ئەم ئیسلامە چەقبەستوە چاکسازی بکرێت.

پ: ئایا ئەم دەنگانە هەرگیز گوێیان لێ دەگیرێت وە یان بە هەند وەردەگیرێن؟

و: ئەی چۆن، لە پێش هەموویانەوە لە لایەن چینی ناوەندەوە، لە بەرئەوەی ئەم جۆرە چاکسازییەی ئیسلام ئەمان کاری

بۆ دەکەن، شێوازی ژیانیان دەپارێزن و لە هەمان کاتدا ئیسلامێکی باش دەبن. ئەمەش لە ململانێکەدا لەگەڵ جیهادییەکاندا زۆر گرنگە.

**پ: چۆن ئەو ململانێیە دەبینرێت؟**

و: من بڕوام وایە، کە ئیسلامی چینی ناوەند پەیڕەو دەکرێت و دەبێتە ئیسلامی میانڕەو.

**پ: موسوڵمانان وا لێکدەدەنەوە، کە لە لایەن (ڕۆژئاوا)وە بە هەند وەرناگیرێن و ئیمان و بڕوایان بریندار دەکرێت. ئایا تۆ چۆنی بۆ ئەم ململانێیە دەچیت؟**

و: ڕاستییەکەی، ئەوەی کە بە هەند وەرناگیرێن، پەیوەندی زیاتر بە ئابوری و هێزی بەرهەمهێنانیانەوە هەیە لەوەی کە بە ئیسلام و مەسەلەی بڕوایانەوە. بە پراکتیک لە ئابوریدا لە نێوان هەموو وڵاتە ئیسلامییەکاندا تەنها بڕێکی زۆر کەم هێزی بەرهەمهێنانیان هەیە، بە پێچەوانەی ئەوانەوە هیند و چین توانیویانە هێزێکی ئابوری و بەرهەمێنانی گەورە دروست بکەن.

**پ: چۆن قەزاوەت لە ڕۆڵی ڕۆژئاوا بەگشتی، لە پێش هەمووشیانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن؟**

و: دوو جێگا هەیە، کە شکستیان خواردوە: فەلەستین و عێراق، فەلەستین کێشەیەکی کۆنە. ئەگەر لە فەلەستیندا چارەسەرێکی ئاشتییانە نەبێت، ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت. ئەمریکییەکان دەتوانن، سیاسەتی هەنوکەییيان وابێت کە کێشەکەی نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان زیاتر گەشەنەکات. لەبەر ئەوەی لاسەنگیی تەرازوی هاوکێشەکە ئەوەندە زۆرە، کە ناگات بە چارەسەرێکی ڕەوایانەی هەمیشەیی.
لە عێراقدا کشانەوەیەکی شکستخواردووی ئەمریکییەکان کارەساتێکە بۆخۆی. لە ئێستادا ئەمە بە چارەسەرێکی باش بۆ عێراق نابینرێت. من ئەمە بەراورد دەکەم بە جەنگی ناوخۆی لبنان، کە تەنها کاتێک لایەنەکان توانیان ڕێکبکەون، کە تەواو ماندوو و شەکەت بوون. لە عێراقدا سوننە و شیعە جارێ خەریکن هێز دژی یەکتری تاقیدەکەنەوە. بۆیە لەگەڵ وە بەبێ ئامادەیی ئەمریکییەکانیش شەڕی ناوخۆی نێوانیان بەردەوام دەبێت.

**پ: ڕەوشی ناو ئێران چۆن دەبینن؟**

و: لە ئێستادا وای دەبینم، کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێرش بکاتە سەر ئێران. ئاخر ئێران لە دواکاتدا ئاماژەی جەنگ و سەرکێشی (تەحەددا)ی کرد. وە من وا هەست دەکەم، کە ئێرانییەکان ئاخریەکەی خۆیان توش دەکەن (خۆیان ـ پێوە-دەکەن).

**پ: چی ڕوودەدات، ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان هێرش بکاتە سەر ئێران؟**

و: هەڵبەتە من بە هیوا نیم ، کە ئەمریکییەکان هەر وڵاتێک بۆمباباران بکەن. بەڵام بە لاوازکردنێکی ڕژێمی مەلاکان لە ئێراندا خۆشحاڵ دەبم، چونکە بە ئەمە، هێزەکانی تری ئێران دێنە پێشەوە و گەورە دەبن. ئەوانیش دەکرێت وڵاتەکە لەو تەنگژە گەورەیە ڕزگار بکەن، کە بە هۆی ئەو سیاسییە بێگوێیانە (لاسارانە)وەی ئێستا وڵات بەڕێوە دەبەن، هاتۆتە ئاراوە.

ـ بەرێز ئەلئەعزەم، سوپاس بۆ ئەم دیدارە.

**چەند زانیارییەک لە سەر ئەم کەسایەتییە**

**سادق ئەلئەعزەم لەساڵی 1937 لە دیمەشق هاتۆتە دنیاوە، لە ساڵی 1977 تا 1999 مامۆستای زانکۆی دیمەشق بوو وەک پرۆفیسۆر لە ماددەی (فەلسەفەی مۆدێرنی ئەوروپا). لە زۆر لە زانکۆکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئاسیا وانەی وتۆتەوە. بە کتێبەکانی (ڕەخنە لەخۆگرتنی پاش شکست) و (ڕەخنەی بیری ئاینی)، کە لەمەی دواییاندا زۆر بە توندی رەخنەی لە ئاین گرت، هەروەها ڕەخنەکانی لە ئێدوارد سەعید و پشتگیری لە سەلمان ڕوشدی، ناوبانگی دەرکرد. دوا لێکۆڵینەوەشی بە ناوی ( ڕۆژهەڵاتیەت، ئیسلام و پۆست مۆدێرنە)ەوە یە.**

ڤینتەرتوور/سویسرا 8.8.2007